کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای کار

ژمارەی 46 جۆزەردانی 1387

ئورگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

## لەم ژمارەیەدا . . .

پێویستی ڕێکخستنی خەباتی نارەزایی خەڵك دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لاپەرەی 2

ڕاستیەکانی کێلانی خەشخاش لە ئەفغانستان لاپەرەی 4

30ی جۆزەردانی ساڵی 1360ی هەتاوی لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی لاپەرەی 5

بە سەرهاتی مردنێکی مێژوویی زنجیرە وتاریك لە رادیو دەنگی فیدایی لاپەرەی 8



چەکوچە خوێنی من لە دەستی کرێکار

داسە خوێنی من لە دەستی جووتیار

بە ڕێز بێت یادی شاعیری مەزن ,

فیدایی شەهید , هاوڕێ

سەعید سوڵتانپوور

کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شووڕایی !



# پێویستی ڕێکخستنی خەباتی نارەزایی خەڵک دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی

ئەمرۆ وەک شوێنەکانی‌تری ئێراندا لە کوردستانیش خەباتی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵک دژی سیاسەتەکانی سەرکوتگەرانەی ڕێژیم پەرەدەستێنێ . هەژاری و بێکاری و زیاتر بوونی ڕادەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بە حەشیمەتی بێکار ,سەرکوت و میلیتاریزەکردنی ناوچەکانی کوردستان , کەش و هەوای ترس و تۆقاندن , گرتن و ئەشکنجە و کوشتار , هەموو و هەموو دیاریەکانی کۆماری ئیسلامیە بۆ خەڵکی ستەم لێکراوی کوردستان . بەڵام وەڵامی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەم هەموو مەینەتە , خۆڕاگری و خەباتە کە تاکو ئێستا شکستی سیاسەتەکانی ڕێژیمی نیشان داوە . ڕاستی ئەمەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەرای هەموو هەوڵ و تەقەڵای بێ ئاکام و زەبونانەی خۆی نەیتوانیوە ئێرادە و ویستی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد تێک بشکێنێ . شار و گوند و دوڵ بە دوڵ و چیا بە چیای ئەم ناوچەیە شاهیدی خۆڕاگری و شەهامەتی گەلێک بووە کە ئیرادەی خۆی لە سەر ئاڵ و گۆڕی ئەساسی ئەم ڕێژیمە داناوە . هەر چەند مێژووی ئەم خەباتە پڕ لە شانازیە زۆر هەوراز و نشێوی بە خۆوە بینیوە , بەڵام لە ڕەوتی پەرەئەستێنەری خۆی بەردەوام نموونەی بەرزترین شێوازی خەباتی خەڵکی بووە وەک سەنگەری سووری ئازادی و خۆڕاگری ماوتەوە . و گرینگترین هۆکارێک کە دەتوانێ ئەمرۆکە هەوڵەکانی ڕێژیم لە هەموو بوارەکاندا لە گەڵ شکست ڕووبەروو بکات , سەرەرای خەباتی چەکدارانە وەک نەریتێکی شورشگێرانەی خەڵکی کوردستان , پاڵپشتی هەر چی زۆرتر بە سەر ڕێکخستنی بزووتنەوەی خەڵکی لە کوردستانە . بزووتنەوەی پەرەئەستێنەری ئێستای کوردستان تاکو ئێستا توانایی و زەرفیەتی زۆری لە بواری ڕێکخستن لە خۆیەوە نیشان داوە . ئەگەر چی ئەم جم و جووڵانە بە شێوەیێکی گشتی‌دا خۆ بە خۆیی و بەربڵاون , بەڵام بەربڵاوی ئەوان خۆی نیشاندەری ریشە داربوونی ئەم جم و جووڵانە و هێزی کردەوەی گشتی بزووتنەوەی خەڵکی لە کوردستانە . دەبێ بە لە بەر چاوگرتنی ئەم خاڵە بە هێزەی بزووتنەوەی ئێستای کوردستان بۆ بەرزکردنەوە و پەرەگرتنی ئەو هەنگاو هەڵگرین . ئەمرۆکە لە کوردستان هەر کردەوەی دواکەوتووانەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم چ لە ناوخۆی شارەکان و چ لە ناوچە سنووریەکانی کوردستان , سەرەرای کەش و هەوای سەرکوت و خەفەخان لە گەڵ دژایەتی خەڵک ڕووبەروو دەبێ و تەنانەت لە بەر کوژرانی کۆڵ کێشێکی زەحمەتکێشی ناوچە سنووریەکان خەڵک خۆپیشاندانی نارەزایی دژی ڕێژیم ساز دەکەن . ئەم جم جووڵە نارەزائیەی کە ئەمرۆکە بە شێوەیێکی بەرچاو پەرەی گرتووە و زۆر جار لایەنی هێرشی بە خۆیەوە دەگرێ , تەنیا لە حاڵێکدا دەتوانێ گەلی کورد بە ئامانجەکانی خۆی بگەیەنێ کە لایەن یان هێڵێکی دیاریکراو بۆ خۆی دیاری بکات و بۆ ئەم کارە ڕێکخستنی تایبەتی خۆی داوا دەکات . ڕێبەری ئەم خەباتە دەبێ بە کردەوە بکرێت و هەر هێزێک ئیدیعای ڕێبەری ئەم بزووتنەوەی هەیە , تەنیا لە ڕێگای ڕێکخستنی بزووتنەوەی خەڵکی و دامەزراندنی پێکهاتەکانی خەڵکی لە شارەکان و لادێکان دەتوانێ ڕاستی و دروستی ئەم ئیدیعایە بسەلمێنێ . تەنیا لە ڕێگای دامەزراندنی پەیوەندی لە نێوان ئەم خەباتە بەربڵاوانە و ڕاهێنانی ئەوان بۆ وەدی هاتنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی خەڵکی کورد , خەباتەکانی نارەزایی کۆمەڵانی خەڵک دەتوانێ ببێتە هێزێکی بەرچاو لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی . پێویستی ئەم کارە لە یەکەم قۆناخدا تێگەیشتنی گرێنگی ئاوا ڕێکخستنێکە . چۆنکە هەل و مەرجی عەینی بەرچاو بۆ ئاوا جم و جووڵێک وجودی هەیە . بەڵام تاکو ئێستا ئاوا کە دەبوایە گرێنگی نەدراوەتە ڕێکخستنی ڕوون و دیاریکراوی ئاوا جووڵانەوەیێک . شاهیدی ئەم ئیدیعایە ئەوەیە کە ئێمە ئەمرۆکە لە کوردستانی شۆڕشگێر هیچ جۆرە پێکهاتی سەربەخۆی خەڵکی نابینین کە لە

سەرانسەری کوردستان بە شێوەیێکی یەک پارچە و یەک دەست کار و چالاکی بکات . زۆربەی جووڵانەوەکانی خەڵکی لە شارکانیش بە بێ هیچ چەشنە پێکهاتێکی دیموکراتیک و تەنیا بە شێوەیکی خۆبەخۆیی روو دەدات . ئەم شتە نەک تەنیا هێز و توانای گەلی کورد بە فێرو دەبات , بەڵکو دەرفەتێکی باش بۆ رێژیم پێک دێنێ تاکو پاش هەر زەبرێک کە لێ دەکەوێ بە رێکخستنی سەر لە نوێ هێزی خۆی و توانای زۆرتر و رێکتر لە پێش دا هێرشی خۆی بۆ سەر خەڵک دەس پێ بکات و بزووتنەوەی خەڵکی سەرکوت بکات . ئەمرۆکە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی دژی شۆرشگێرانەی خۆی هەموو کارێک دەکات , ئەمرۆکە کۆمەڵانی گەلی کورد بە شێوەیێکی بەربلاوتر هێرش دەبەنە سەر رێژیم و پەرە دەدەنە خەباتی نارەزایی خۆیان دژی رێژیمی کۆماری ئیسلامی . رێکخستنی جووڵانەوەی خەڵکی زۆرتر لە هەر کاتێکی تر پێویستە . دامەزراندنی پێکهاتەکانی خەڵکی لە کوردستان , چ لە ناوخۆی شارەکان و چ لە لادێکان ئەرکی بێ درەنگ و ئێستای هێزەکانی شۆرشگێرە . رێکخستنی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی شار , ژنان و زەحمەتکێشانی لادێکان لە بەرانبەر بەکرێگیراوانی رێژیم , لە رێکخراوەکانی سەربەخۆی خۆیان , بە لە بە چاوگرتنی هەل و مەرجەکانی تایبەتی بزووتنەوەی کوردستان و تێکەڵ کردنی ئەم خەباتانە لە گەڵ شێوازەکانی بەرزتری خەبات لە کوردستاندا , تەنیا زامنی گۆرینی ئەم خەباتە بە ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سەرکەوتوو و پیرۆزی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی گەلی کورد .

## 30ی جۆزەردانی ساڵی 1360ی هەتاوی ......

ئاشکرا و حاشا هەڵنەگر سەلمێندراوە . ئەمرۆ پاش تێپەر بوونی 27 ساڵ بە سەر هێرشی درندانە و وەحشیانەی رێژیم بۆ سەر بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کۆمەڵانی خەڵک ، زریانی بە هێزی شۆڕش بە هەموو گەورەیی و توانای ، رێگای سەرکەوتنی لە ناو سەرکوت و کۆشتار و هەژاری و چارەرەشی سەرچاوە گرتوو لە دەسەڵاتداریەتی کۆماری ئیسلامی دەکاتەوە . ئەمرۆکە پاش نۆیک بە سێ دەیە کە بە سەر ئەو رووداوە مێژووییە تێپەریوە رێژیمی دواکەوتووی پارێزەری قازانج و بەرژەوەندیەکانی سەرمایە و ئیمپریالیزمی جیهانی سەرەرای هەرا و هوریای بەهێز بوونی چ لە لایەن خۆیەوە و چ لە لایەن پشتیوانانی دەرەکی و چ لە لایەن ئوپوزیسیونی ماندوو و تێک شکاوی ئەو لە هەموو بوارەکاندا واتە لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و . . . تووشی قەیرانی لاعیلاج بووە و و دەرباز بوونی لەم هەموو قەیرانانە تەنها و تەنها لە رێگای کردنەوەی قەریانێکی گەورەی دەرەکی مسۆگەر دەبێ . ئەویش نەک بۆ دەربازبوونی سیستەمەکەی لە قەیران بەڵکو بۆ دەرباز کردنی سیستەمی رزیوی سەرمایە لە بەرزبوونەوەی راپەرینی گشتی خەڵک و و تێک شکاندنی ماسینی سەرکوتی رێژیم لە لایەن بزووتنەوەی قەهرئامیزی خەڵکی . لە ئاوا هەلومەرجێکدا رێژیمی سەرمایەداری ئێران بە یارمەتی پشتیوانانی دەرەکی خۆی لە دەهۆڵی شەر دەدەن و لەم نێوانەدا حکومەتی سەرکوتگەر بە بیانوی هێرشی دەرەکی و هەرەشەی وڵاتانی دوژمن هەرجۆرە بزووتنەوەی خەڵکی بە بێرەحمانەترین شێوەی مومکین سەرکوت دەکات و ئیمپریالیزمیش بە بیانوی دۆستی لە گەڵ خەڵکی ستەم لێکراو سیمای شوالیە قارەمانەکان بە خۆوە دەگرێ و جنایەتکارانی ئەرتشی ئیمپریالیستی لە لیباسی رزگاریدەرانی خەڵک بەکرێگیراوانی خۆیان بە جێگای ئەوانی تر دێننە سەرلا حوکم و ژێر خانی ئابووری بە هەمان شێوە و شێوازی پێشوودا لە سەر زوڵم و نابەرابەری و چەوساندنەوە درێژە بە ژیانی خۆی دەدات . لە ئاوا هەلومەرجێکدا تەنیا بە ئەزموون وەرگرتن لە راپەرینەکانی پێشووی خەڵک واتە 22 رێبەندان و 30ی جۆزەردانە کە دەتوانین حساب و ریزی بزووتنەوەی خەڵکی لە دەتیوەردانی دەرەکی و هەرەشەی دواکەوتوویی ناوخۆیی جیا کەینەوە و بۆ شەر لە هەر دوو سەنگەردا ئامادەی بکەین .بیرەوەری 30ی جۆزەردان بە رێزدانان لە یادی قارەمانەتی قوربانیانی ئەم رۆژە خوێناویە ، بە فێر بوون لە ئەزموونەکانی پر لە بایەخی بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانیان بەرز و بەرێز رادەگرین .







# راستیەکانی کێڵانی خەشخاش لە ئەفغانستان

دەزگاکانی هەواڵنێری ڕۆژئاوا هەموو کات وا پروپاگەندە دەکەن کە گوایە جووتیارانی هەژار و زەحمەتکێش سەرچاوەی سەرەکی کێڵانی خەشخاشن لە ولاتی ئەفغانستان . ئەگەر چاوخشاندنێکی سادەمان هەبێ لە سەر ئامارەکانی ڕەسمی کە لە لایەن کۆڕوکۆمەڵەکانی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە بڵاو کراوەتەوە بۆمان دەردەکەوی کە پروپاگەندەی ئەوانەی کە ژستی خەبات بە دژی موخەدیرات بە خۆیانەوە دەگرن چەندە بە دوور لە ڕاستیە و سەرچاوەی بەرهەم هێنانی موخەدیرات و بڵاوبوونەوەی ئەو لە سەرتاسەری جیهان دەسەڵاتێکە زۆر لە سەرەوەتری هێز و توانای جووتیاران . بە پێ ئاماری ڕەسمی کێڵانی خەشخاش لە ئەفغانستان لە ساڵی 2001 ، 185 تون بووە لە حاڵێکدا لە ساڵی 2006 و لە حاڵێکدا ئەم ولاتە لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانی ئەتلانتیکی باکوور ( ناتو ) داگیرکراوە کێڵانی خەشخاش گەیشتووتە 6100 تون . بە ڕاستی واقعیەتی ئەم زیادە کێڵانی خەشخاش و بەرهەم هێنانی موخەدیرات لە ولاتێک کە بست بە بستی ئەو لە ژێر چەکمەی داگیرکەرانی ئیمپریالیستیە چیە ؟ جگە لەمەی کە قازانج و بەرژەوەندی و سوودی کێڵان و بلاوکردنی موخەدیرات ڕاستەوخۆ دەچێتە گیرفانی گەورە سەرمایەدارانی ڕۆژئاوا . ئێستاکە لە ولاتی ئەفغانستان پتر لە یەک ملیون موعتاد هەیە . 120000 ژن ، 60000 منداڵ و تازە لاو و ئەوانەی تریش موعتادی پیاون . گرفتەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی سەرچاوەگرتوو لە چەوساندنەوە و جیاوازی چینایەتی هۆکاری سەرکی زیادە بوونی ڕیزەکانی موعتادانی ئەفغانستانە کە دیارە حکومەتی بەکرێگیراوی ئەفغانستانیش لە پەرەساندنی ئەم گرفتانە لە هاوڕێیانی پێشووی خۆی واتە تالیبانی ئەفغانستان چالاکترە . بە پێی ئاماری ڕەسمی ساڵی 2003 قاچاقی موخەدیرات سێهەمین کالای توجارەتی پڕ سوودە پاش نەوت و چەک کە لە دەستی پاوانخوازسەکانی ئیمپریالیستی و ولاتانی گرێدراوی ئەوانە کە وەک ترانزیت لەوان کەڵک وەردەگرن . لە هەر دوو ولاتی ئەفغانستان و کولومبیا کە بە تەواوەتی میلیتاریزە بوون لە لایەن ئیمپریالیزمی جیهانی و بە تایبەت ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە ڕێکخراوی سیخۆڕی ئەمریکا CIA ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە بلاوکردنی کێلان و پەخشی موخەدیرات لەم شوێنانە بۆ شوێنەکانی تری جیهاندا . سندووقی نێودەوڵەتی دراو بەرئاوەردی کردووە کە هەر ساڵە لە جیهاندا پولی قاچاقی موخەدیرات دەگاتە 590 میلیارد و 5/1 تریلیون کە بەرانبەر لە گەڵ 2/5% بەرهەم هێنانی ناخالسی ناوخۆیی جیهاندا . ڕاستی ئەمەیە کە ئەم نیسبەتە زۆرە لە پول و هەزینەیە لە توانای کارتل و تراستەکانی نێودەولەتیە کە پاوانخوازیەکانی مالیان پێکهیناوە و لە ڕێگای سوودی سەر سوور هێنەری قاچاقی موخەدیرات سروەت و سامانی خۆیان زیاد دەکەنەوە . سەرفی میلیاردەها دولار بۆ بەرپا کردنی شەرەکانی ناوچەیی لە چوارگۆشەی دونیادا بۆ مەسلەحەتی مافیای پاوانخوازی مالیە کە دەستی خستووتە سەر هەموو ئوموراتی ژیانی خەڵک لە چوار گۆشەی دونیادا .



# 30ی جۆزەردانی ساڵی 1360ی هەتاوی لە ڕەوتی خەباتی چینایەتی

27 ساڵ له خۆپیشاندانی خوێناوی 30ی جۆزەردانی ساڵی 1360 تێپەری .27 ساڵ پڕ له دژایەتی ، ململانی ، خەباتی بێ وچان سەرەرای هەوراز و نشێوی زۆر و سەرکوت و کۆشتاری ڕێژیم ، 27 ساڵ قەیران و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ڕەوتی پەرەئەستێنەری خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا .

30ی جۆزەردان و بە دواهاتەکانی ئەو ، وەک هەر ئاڵوگۆڕێکی تر و لە ئاوا بوارێکدا ، نەک ڕووداوێکە بە هەڵکەوت و یان بە تەواوی ئیرادی ، بەڵکو تەنیا نیشاندەری بوونی زەمینەکانی عەینی حاشا هەڵنەگرێک بوو لە ڕەوتی پەرەساندنی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا . بە هەمان ڕادەی کە بە دواهاتەکانی خۆپیشاندانی بەربڵاوی 30ی جۆزەردان لە دەرەوەی ئەم چوارچێوە نەبوو نەیتوانی بێت ، بەڵام ئەم راستیە ناتوانێ ڕەت کەرەوەی هۆکارەکانی کاریگەر چ لە چۆنیەتی ئەم ڕووداوە و چ لە ئاکامەکانی دوایی ئەو بێت . ڕووداوی 30ی جۆزەردان تەنیا لە سەر زەمینەی سیاسی تایبەتێک ئیمکانی سەرهەڵدانی بوو ، و کاریگەیەکانی تایبەتی خۆی بە سەر ڕەوتی ئەو گۆڕانکاریانە کە لە ناو کۆمەڵگا پەرەی دەگرت ، بە جێ هیشت . ئەوەی کە لە 30ی جۆزەردان رووی دا ، تەنیا رەنگدانەوەی ڕەوتی خێرای گۆڕانکاریەکان لە ئاستی کۆمەڵگا ، لە کردەوەی و دیاریکراوی چینایەتی هێزەکان و دیاریکراوی ڕەوتەکانێک بوو کە شان بە شانی پێکهاتنی لە جەمسەرەکانی چینایەتی پاش راپەرینی ڕێبەندانی 1357 ، هەر ڕۆژ زۆرتر لە ڕۆژی پێش دا لە بیر و بۆچوونەکانی ئۆتۆپیستی دوور دەکەوتنەوە و جێگای ڕاستەقینەی خۆیان لە نێوان ئاسەواری ڕووداوەکان دەدۆزێنەوە تاکو لە خەونی پڕ لە هەرا و هوریای خەیاڵەکانی خۆشی ڕابردوو بێنە ناو گۆرەپانی راستەقینەی ژیان و لە گۆڕەپانی شەڕی چینەکانی دژ بە یەکتر ، جێگای راستەقینەی خۆیان بە دەست بهێنن . بەلام نە ئەم هەڵبژاردنە و نە ئەو دامەزران لە جێگای راستەقینە ، لە ناکاو و بە جووڵانێکی زۆر خێرا بە ئەنجام ناگات ، ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی ئاڵۆزیەکانی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەم ئاڵۆزیە تەنیا بە هۆی زەمینەکانی عەینی ئاوا ئاڵوگۆڕانەی ، ئەویش نەک حەتمی بە شێوەیکی ڕاستەوخۆ ، بەڵکو لە لێکدانەوەی کۆتاییدا روون دەبێتەوە . حەتمی بوونی شەڕی ئاشکرای چینەکان ئەگەر چی حەتمی بوونێکی مێژووئیە ، بەڵام گۆڕانکاری لە نێوان دوو جەمسەری ئەم حەتمی بوونە کە تایبەتمەندی هێزی کۆمەڵایەتی دیاریکراوێک بە دەستەێکی بەربڵاو لە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری بە تایبەت کۆمەڵگاکانی دواکەوتووێک وەک کۆمەڵگای ئێمەیە ، گونجاو لە گەڵ هاوسەنگی هێز لە نێوان دوو جەمسەری کۆمەڵگای دژ بە یەکتر ، و لە ئاکامی گۆڕانکاریەکانی دیاریکراوی سیاسی شێوە و شێوازەکانی جۆر بە جۆر بە خۆیەوە دەگرێ ، و بە ناو و بە بیانوکەکانی جۆر بە جۆریش لایەن گرتن بەرەو لای ئەم یان ئەو جەمسەری دیاریکراو روو دەدات . 30ی جۆزەردان نەک تەنیا نیشاندەری رووخسار و خاڵی پەرەساندنی ئاوا گۆڕانکارێک لە لایەن گرتنی هێزەکانی وردە بورژوایی ، بەڵکو خاڵی وەرچەرخان لە باری چۆنیەتی لە هێلی تێپەریوی ئەوان بوو . پاش 30ی جۆزەردان ڕەوتەکانی وردە بورژوایی بە دوو سیمای جیاواز یەک پرۆسەیان تێپەر دەکرد . ئەم سیمایانە ئەگەر چی جیاواز بوون ، بەڵام لە ناوەرۆکی خۆیان لە بواری پێگەێک کە خاڵی دەس پێ کردنیان بوو ،

وەک یەکتر کاریان دەکرد . 30ی جۆزەردان بە پێچەوانەی ئەوەی کە پێ ناسراوە ، نەک پەرە گرتنی چالاکی وردە بورژوازی و زاڵ بوونی بیر و بۆچوونی وردە بورژوازی بە سەر بزووتنەوە ، بەڵکو قەیرانی وردە بورژوازی لە بەربەرەکانی لە گەڵ ئەوەی کە لە کۆمەڵگا پێکهاتبوو بوو ، و پەیڕەوی لە قازانجەکانی چینایەتی تایبەتی و پەیوەندیەکانی پیرۆزی هەموو عاشقانی خاوەن مڵکایەتی تایبەتی بوو . تاکو سیهەمی جۆزەردان ، شۆڕش ڕێگای درێژی تێپەر کردە بوو ، ڕێژیمێک لە تەختی دەسەلات بە ژێر



کیشا بوو و هەموو کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ئەوێ بردە بووە ژێر زەبری ورد کەرەوەی خۆی ، لە هەمان حاڵدا ڕێژیمێکی‌تری لە سەر جێگای ئەو بەرەو تەختی دەسەلات فرێ دابوو ، ڕێژیمێک کە هێشتا گێژ و مات لەم گۆرانکاریە و لە حاڵێکدا کە دەسەڵاتی سەقامگیر نەبوو ، بڕیاری کۆشتاری ئەو کەسانەی دەر کرد کە لە ژێر تەقەی چەکی ئەوان پاڵی دابووە تەختی دەسەلات ، تاکو تۆڵەی پێشینیانی خۆی پێش لە هەموو کەسێک لە خەڵکێک بستێنێ کە ئاوا بە زەوق و شەوقەوە لە کردەوەی مەزنی خۆیان دیفاعیان دەکرد و حەتمی بوونی ئەو ئامانجانەی کە بووە هۆی پێکهاتنی یەکێک لە گرێنگترین ڕاپەرینەکانی خەڵکی لە مەودای مێژووی وڵاتی ئێمە ، تێک بشکێنێ . تاکو تۆڵەی بێ هێزی مێژوویی خۆی لە هێزێک بستێنێ کە ئاوا سوور بە دوای گۆمانی خۆی ، ئیرادەی کردە بوو جیددی بوونی خۆی لە هەر کاتێکدا ، وەک شمشیرێک بکاتە لەشی لاواز و ڕوو بە مەرگی ئەوەی کە بە جێگای دێو دانیشتبوو . دژی شۆڕشی تازە نە توانای دیفاعی ئاشکرای لە ئەوەی کە ڕوو بە مەرگ و نەمان ، واتە سیستەمی پڕ لە قەیران و زەبر لێکەوتووی سەرمایەداری بوو و نە هێز و شەهامەتی ئەوێ بوو کە بە ئاسانی و لە مەودای یەک شەودا ئەو سیستەمە نوژەن بکاتەوە . ئەگەر چی ئەم دژایەتیە لە هەمان یەکەمین ڕۆژەکانی بە دەسەلات گەیشتنی چارەسەر کردە بوو و ڕێگای ڕزگاری سەرمایە و سیستەمی چەوسێنەرانەی داسەپاو لە زەبری کۆمەڵانی کرێکار و سەرجەم زەحمەتکێشان نەک لە قسەدا بەڵکو بە کردەوەی ڕاستەوخۆ دژی کۆمەلانی شۆڕشگێر هەڵبژاردە بوو ، بەڵام نە توانای بەرەو پێش بردنی ئەوی بوو و نە ڕاکردنی لە بەربەرەکانی لە گەڵ ئەوەی کە خواستی خۆی بە سەر ئەودا داسەپێنێ هەبوو ، و نە هێزی ئەم بەربەرەکانیەی هەبوو . ئەو هێزە کۆمەلایەتیە مەزنە کە تاکو سەرتای ڕاپەرین لە ژێر دروشمی ڕووخاندنی ڕێژیمی شا هاودەنگ پێشرەوی دەکرد ، و له راپەرینی ڕێبەندان شی کرایەوە ، ئەو چینانە کە لە ڕەوتی ڕووخاندنی ڕێژیمی شا ڕۆڵیان هەبوو ، هەر کام بە تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان لەم سەرکەوتنە سەرەتائیە ، خوازیاری وەدیهاتنی ئامانجەکانی چینایەتی تایبەت بە خۆیان بوون ، دەستەی زاڵ و حاکم خوازیاری ڕاگرتنی کۆمەڵانی خەڵک ، و تەنیا ڕازی بوون بە گۆڕینی دەسەڵات لە سەرەوە ، و پاڵ دان بە دەسەڵاتی تازە بوون ، و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش خوازیاری درێژە پێدانی شۆڕش بەشێوەیەکی بەردەوام بوون . بەربەرەکانی لە نێوان ئەم دوو ڕوانگەیە بە نیسبەت بابەتی شۆڕش و ڕەوتی بەرەو پێشی ئەو ، ڕەنگدانەوەی دوو تایبەتمەندی چینایەتی دیاریکراو بە نیسبەت تێگەیشتن لە ئامانجەکانی شۆڕش بوو . ئەگەر چی دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی بەشێک لە بورژوازی دەر هاتبوو ، بەڵام درا بووە بەشێکی تر لەو و لە تێکەڵاوی لە گەڵ توێژەکانی سەرەوەی وردەبورژوازی ، و لایەنێکی جگە لە سەقامگیری بارودۆخی سەرمایەی نەبوو . جێ بە جێ کردنی سیاسەتەکانی سەرکوتگەرانە و هێرش بۆ سەر ناوەندەکانی درێژە پێدانی شۆڕش لە هەمان ڕۆژی دوای ڕاپەرین نیشانەی زۆر ڕوون و ئاشکرای ئەم ڕاستیە بوو . بەڵام بە پێچەوانەی بیر و بۆچوونی دەستەی زاڵ ، بابەتی شۆڕش بۆ کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش بەم گۆرینەوە و جی گۆڕینەوە کۆتایی پێ نەهاتبوو ، لە ڕاستیدا ڕاپەرینی ڕێبەندان سەرەتائێکی دیکە بۆ پەرەساندنی شۆڕش و ڕێگا خۆشکەرەوەی جێ بە جێ

کردنی راستەوخۆی ئیرادە و خواستی کۆمەڵانی خەڵک بۆ بەرەو پێش بردنی شۆڕش بوو . ئاڵوگۆڕەکانی پاش راپەرینی رێبەندانیش لە ژێر کاریگەری بەربەرەکانی نێوان ئەم دوو بۆچوونە هەڵسەنگاندنیان لە سەر دەکرێت و ناوەرۆکی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێمە ئاشکرا دەکاتەوە .

لە سەرەتای 30ی جۆزەردانی ساڵی 1360 ، ئەم بەربەرەکانیە لە نێوان شۆڕش و دژی شۆڕش گەیشتە یەکێک لە ناسک ترین قۆناخەکانی خۆی و پرۆسەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێو و ئاڵۆزیی تێپەر کردە بوو . شووراکانی کرێکاری بەرە بەرە کەوتنە بەر هێرشی دژی شۆڕشی حاکیم ، بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی نەتەوەکان بە وەحشیانەترین شێوەی مومکین سەرکوت کرا ، ئازادیەکانی دیموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵک سەرکوت دەکرا ، پێکهاتە دیموکراتیکەکان تێک شکا بوون ، زیندان و ئەشکنجە و کۆشتاری کۆمەڵانی خەڵک بەربڵاو پەرەی گرتبوو ، کۆماری ئیسلامی مەرجی دامەزران و سەقامگیری خۆی لە کۆشتاری نەتەوەی کورد ، عەرەب ، تورکمەن و کۆشتار لە کارخانە تاکو زانکۆکان ، دۆزیبوو . بەڵام ئەمانە هەر هەموویان یەک لایەنە نەبوون ، رێژیم ئەگەر چی هەنگاوەکانی گرێنگی بۆ پاراستن و راگرتنی سیستەمی حاکیم هەڵگرتبوو ، بەڵام شۆڕشیش ڕانەوستا بوو و کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش گۆڕەپانەکانی نوێیان بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی کردە بوونەوە ، بزووتنەوەیەکی مەزن لە ناو جەرگەی گۆڕانکاریەکانی چەند ساڵەی پاش راپەرین سەری هەڵدا بوو ، کە تایبەتمەندی ئەو تێپەرین لە ئامانجەکانی نادیار و لێڵی دەورانی راپەرین بەرەو خواست و ئامانجەکانی دیاریکراوی خەباتەکانی پاش راپەرین بوو . ئەگەر تاکو دوێنێ بۆ کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش ئەمەی کە خوازیاری چ شتێکن و چ کارێک پاش رووخاندنی رێژیمی شا دەبێ بکەن ، زۆر نادیار و نەناسراو بوو ، ئەمرۆکە ئیتر ئەزموونی پاش راپەرینی رێبەندان و زۆرتر لە دوو ساڵ خەبات دژی دەسەڵاتداریەتی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی ئەوانی فێر کردە بوو کە داوای چی بکەن و چۆن بە دەستی بهێنن . کۆمەڵانی خەڵک دیوارەکانی ئەستووری گۆمان لە کردەوەیان رووخاندە بوون و سنووری نێوان هێزی سەربەخۆی خۆیان و هەر هێزێکیتر بە کردەوە تەجرووبە کردە بوون . لە سەرەتای 30ی جۆزەردان ، کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە رەوتی خەباتی بە کردەوەی خۆیان ، ئەزموونی زۆرتریان وەر دەگرت ، ریزەکانی چینایەتی لە نێوان کۆمەڵانی خەڵک زۆرتر لە یەکتر جیا دەبوون و رەنگدانەوەی عەینی خۆی لە جیابوونەوەکانی ناوخۆیی هێزەکانی سیاسی نیشان دەدا . لە سەرەتای 30ی جۆزەردان و بە هۆی جیابوونەوە لە بە هێزترین ئۆپۆزیسیونی چەپی ئێران واتە رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران، هاوسەنگی هێزەکانی کۆمەڵگا بە شێوەیکی کاتی بە قازانجی دژی شۆڕشی حاکیم گۆڕی و گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگای کردە مەیدانی چالاکی بێ رەقیبی ڕەوتەکانی وردە بورژوایی و لیبراڵ . و ئەم راستیەیش تایبەتمەندی ئەسڵی 30ی جۆزەردان پێک هێنا کە رەنگدانەوەی بە کردەوەی خۆی لە راستیدا لە مەودای 30ی جۆزەردان و ڕەوتی پاش ئەو نیشان دا . ئەگەر گۆڕانکاریەکانی پێش لە 30ی جۆزەردان ، لە ڕەوتی پەرەساندنی خۆی ، گونجاو لە گەڵ پەرساندنی خەباتی چینایەتی بەشێک لە ڕەوتەکانی وردە بورژوایی بە پەیڕەوی کردن لە دەسەڵاتی داسەپاو ڕاکیشا تاکو ناوەرۆکی راستەقینەی خۆیان لە خزمەت کردن بە بورژوازی هەر چی زۆرتر نیشان بدەن ، درێژەی ئەم ڕەوتە لە ڕەوتی پاش 30ی جۆزەردان هەندێک بە خیانەتی ئاشکرا و سیخوڕی رەسمی بۆ کۆماری ئیسلامی هان دا ( وەک ئەکسەریەت و حیزبی توودە ) و ڕەوتێکی تری سیاسی وەک موجاهیدی خەڵک بە جیا بوونی تەواو لە بزووتنەوەی کۆمەڵانی خەڵک بە تەواوی چووە ئامێزی بورژوازی . ئەمرۆکە پاش تێپەر بوونی 27 ساڵ لە 30ی جۆزەردانی ساڵی 1360 ، و رووداوەکانی پێش و پاشی ئەو ، کاتێک بە درێژەی ڕەوتی گۆرانکاریەکان کە لە مەودای ئەم 27 ساڵە بە سەر بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران تێپەریوە ، دەروانین و بۆ جارێکی تر رۆژەکانی پڕ لە جۆش و خرۆشی پێش و پاش لە 30ی جۆزەردان دەخەینە بەر هەڵسەنگاندن ، لە ڕەوتی یاسایی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگای ئێران ، سەرەرای هەموو هەوراز و نشێوی ئەو ، گەشە و پەرەساندنی شۆڕش ، لاوازی و تێک شکانی ئۆپۆزیسیونی بورژوا _ لیبراڵی و بیر و بۆچوونەکانی بەلارێ چووانە لە لایەکەوە و مەرگ و نەمانی حەتمی دژی شۆڕش و دواکەوتوویی داسەپاو لە لایێکی ترەوە وەک ئاکامی حەتمی ئەم ڕەوتە بە هەموو هەوراز و نشێوی خۆی ، وەک راستێکی



پاشماوە لە لاپەرەی 3

# بە سەرهاتی مردنێکی مێژوویی




## زنجیره وتاریك له رادیو دەنگی فیدایی - خەرمانانی ساڵی 1364ی هەتاوی

### 2- تەمایولاّتی ورده بورژوازی ئێران له دەورانی شا و رەنگدانەوەی ئەو له ناو رێکخراوی موجاهیدینی خەڵك

وتمان کە موجاهیدینی خەڵک بە پاراستنی هەڵویستەکانی ئیلتقاتی خۆی تەنیا تا ئەو کاتەی دەتوانی نوێنەرایەتی بیروبۆچوونەکانی رادیکاڵ و دیموکراتی ورده بورژوازی ئێران بکات کە یەکەم : دژایەتیەکانی نێوان شێوازی سەڵتەنەتی حکومەت و پێکهاتی ئابووری سەرمایەداری کە پاش ریفورمەکانی ئەرزی شا و لە ئاکامی پەرەساندن و گەشەکردنی خێرای سەرمایەداری بە وجود هاتبوو ، هێشتا لە لوتکەی خۆیدا قەراری نەگرتبوو و دووهەم : ئەمەی کە خۆدی ورده بورژوازی ئێران سەرەرای ئەوەی کە بە هۆی ئەم گەشە کردنەیە تووشی بلاّوەبوون و لە ناوچوون بوو ، بەلاّم توێژبەندیەکانی ئەو هێشتا بە تەواوەتی لە یەکتر جیا نەبووەوە و لە تەواوەتی خۆیدا نیشاندەری بیروبۆچوونەکانی رادیکاڵ بوو .

ئالوگۆرەکانی ئابووری لە نەبووی خەباتی ئاشکرای چینایەتی بە شێوازی ئارام ، و خۆبەخۆیی و دواکەوتووانەی بوروکراتیک بەرەو پێش دەچوو و تێپەرین لە ئابووری دەرەبەگایەتی بەرەو سەرمایەداری بە هەمان رێژەی کە پەیوەندیەکانی ژێرخانیی بە خاوی بەرەو پێش دەبرد ، لە گۆرینی پەیوەندیەکانی سەرخانیش خاو کاری دەکرد . و یان باشتر بلین رەنگدانەوەی ئەم گۆرانکاریانە لە نێوان توێژەکان و چینەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بە شێوەی کردەوەی خێرا خۆی نیشان نەدەدا . نیو سەدە پاش بزووتنەوەی مەشرووتە خوازی دروشمەکانی دژی ئیستبدادی و دژی ئیستعماری خەڵک هێشتا بەیانی موسبەتی خۆی وەرنەگرتبووە . سەرمایەداری بە خێرایی پەرەی دەستاند ،/ بەلاّم لە دروشمەکگانی ئازادی و سەربەخۆیی و مافەکانی دیموکرانیک وەک خواست و ئارەزوەکانی مێژینەی کۆمەلاّنی زەحمەتکێش تەنانەت لە قالبی بورژوائیدایش خەبەرێک نەبوو . لە گەڵ هێرشی سەرمایەکانی ئیمپریالیستی بۆ ئیران پەیوەندیەکانی سەرمایەداری بە خێرایی جێی پەیوەندیەکگانی کۆنی دەگرتەوە ، بەم حالەشدا تەمایولاتی دژی ئیستعماری سەرکوتکراوی کۆمەلاّنی خەڵک نە تەنیا بێ وەلاّم مایەوە ، بەڵکو لە ژێر چەکمەی سەرکوت و توند و تیژی دام و دەزگای پولیسی پەهلەویدا بەردەوام سەیقەلی پەیدا دەکرد و ئاودیدەتر دەبوو . ئەم تەمایولاتە بە شێوە هێزێکی غەریزی ، بە تایبەت ورده بورژوازی ئێرانی کە لە ئاکامی گەشە کردنی سەنعەت دا زیاتر لە هەموان زەرەر و زیانی پێ گەیشتبوو ، لە هەر ئاست و لە ژێر هەر دروشمێکی دژی سەڵتەنەتی کۆ دەکردەوە و بانگەوازی دەکرد بۆ بەشداری کردن لە شەری مان و نەمان . سەڵتەنەتی پەهلەوی بۆ کردنەوەی رێگای هاتنی سەرمایەکانی ئیمپریالیستی ، دەبوایە لە هەمان حاڵدا رێگای نفوزی یاساکانی بورژوازی و فەرهەنگی سولتەخوازانەی ئیمپریالیستی بکاتەوە و زەمینەکانی جێگیر بوون و تەعميناتی سەرمایەکانی ماڵی فەراهەم بکردەبا . ئەم شتە لە یەکەم هەنگاودا پیویستیی هەبوو بە بەربەست کردنی نفوزی پیاوە ئائینیەکان لە هەڵگرتنی بەساتی دەرەبەگایەتی لە ناو سیستەمی یاسادانانی ولاّت . شا مەزهەبی تەنیا بوو

**موجاهیدین بە ڕا کردن لە چوتکی گرانی کرێکار و هەڵبژاردنی سەندان لە سەر دروشمی خۆیان ، بە شێوەیکی غەریزی وەفاداری خۆیان بە نیسبەت سەرمایە سەڵماندوون و چینی دەورانسازی کرێکاریان تێگەیاند کە لە سیستەمی دڵخوازی موجاهید چینی کرێکار دەبێ وەك هەمیشە باری ئەسڵی کۆمەڵگا لە سەر شانی خۆی رابکێشی و وەك سەندانی ئاسنی زەخت و گوشاری چەوساندنەوەی بورژوازی تەحموڵ بکات .**

خەڵک دەیویست ، نەک بۆ بەرگرتن بە نفوزی یاساکانی بورژوایی . یاساکانی مەزهەبی سەرەرای ئاوا موهەبەتێک کە بۆ سەرلامایەداری هەیانبوو ، بەڵام لە زۆربەی مەوردەکاندا بەر بە پەرەساندنی پەیوەندیەکانی بورژوایی دەگرت . پیاوە ئائینیەکان لە هەموو پلە و پایەکانیدا نە تەنیا لە رێگای دەس بە سەر داگرتنی مەوقوفەکان ، دەستی بە سەر بەشێکی گەورە لە زەویەکان و سروەتەکانی ولات داگرتبوو ، بەڵکو لە رێگای نفوزی خۆی بە سەر یاساکانی قەزایی ولات وەک میرات ، مافەکانی ژن و پیاو ( ئیزدەواج و تەلاق ) ، فروشتن و توجارەت و . . . لە سەر رێگای زاڵبوونی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری بەردی دەهاویشت . پیاوە ئایینیەکان ئەم مافەیان لە ساڵی 1286 و لە جەریانی داسەپاندنی تەواوکەرەوەی یاسای ئەساسی بە سەر سەڵتەنەتی قاجاریەکان بە دەستیان هێنابوو کە بە پێی ئەودا 5 کەس لە هەڵبژاردوانی پلە بەرزی مەزهەبی وەک ئەرکەکانی ئەمرۆکەی شوورای نیگابان دەبوایە یاساکانی مەجلیس لە گەڵ یاساکانی سەرەتایی ئیسلام تەتبیق بدەن و بگەێننەی حوزوری بارەگای هومایونی ! لە گەل گەشە کردنی خێرای پەیوەندیەکانی سەرمایەداری ، بەرەبەرە لە رادەی نفوزی پیاوە ئایینیەکان لە ناو دام و دەزگای سەڵتەنەت کەم بووەوە و پاش رفورمەکانی ئەرزی ، زۆربەی پیاوە ئایینیەکان بوونە کلکی تەبلیغاتی بۆ تەبلیغاتی خورافی خەڵک و فریوکاری دام و دەزگای سەڵتەنەت . زۆربەی توێژەکانی وردە بورژوازی ئێران و هەروەها توێژێکی گەورە لە توجاری بازار کە لە لایەکەوە لە ژێر گوشاری سەرمایەکانی ئیمپریالیستی و کارگوزاری ئەو واتە دەزگای سەڵتەنەت تووشی وەرشکستەگی دەبوون و لە لایێکی دیکەوە بڕوای قوولیان هەبوو بە عەقایدی مەزهەبی خۆیان ، کینە و بێزاری خۆیان لە قالبی مەزهەب حەوالەی سەڵتەنەتی پەهلەوی دەکردن و لە نفوزی مەزهەبەوە وا نەتیجەیان وەردەگرت کە ستەمکاری پەهلەوی رەت بکەنەوە . موجاهید بە بەرز کردنەوەی دروشمی کۆنی مەزهەب ، تەنیا تەمایولاتی نادروستی ئەم توێژە دواکەوتووە کۆمەڵایەتیەی نوێنەرایەتی نەدەکرد ، بەڵکو ئەو بەشەی لە هێزەکانی کە قازانجەکانیان لە گەڵ قازانجەکانی بورژوازی لیبراڵی ئێران گرێی خواردە بوو ، بەرەو لای خۆی رادەکێشا . هاوبەشی ئایدولوژی و شێوە شێوازی دژی سەڵتەنەتی ، هێزەکانی لایەنگری رەوحانیەتی دژی سەڵتەنەتی بە سەرکردەگی خومەینی و تالەقانی کە لە ژێر گوشاری ئیستبدادی سەڵتەنەتی و سەرکوتی ساواک ، هێز و توانای جم و جولیان لێ گیرا بوو و نەیدەتوانی خۆی رێک بخات ، بەرەو لای موجاهیدین رادەکێشا و بووە هۆی لایەنگری ئەوان لە موجاهیدین .خومەینی هەر چەند پاش بە دەستەوە گرتنی دەسەلات هەولی دا لە نێوان ئیسلامی خۆی و ئیسلامی موجاهیدین سنووری ئایدولوژیک دروست بکات و وا نیشانی بدات کە لە سەرەتای پەیوەندی گرتن لە گەڵ نوێنەری موجاهیدین لە نەجەف ، گۆمانی هەبووە بە نیسبەت جیهان بینی ئەوان ، بەڵام بە پێی ئیعترافی خۆدی ئەو و هاوپالکیەکانی تری ئەو ئەم سنووردانانە رانەگەێنرا و خومەینی هەلویستی یەکلایی خۆی وەر نەگرت . تەنیا لایەنی جیاوازی لە پەیرەو کردنی تاکتیکەکانی قەهر ئامیز لە لایەن موجاهیدین بوو کە پەیوەندیی نەبوو لە گەڵ بڕیارەکان و ئەحکامی ئیسلامی و دەتوانی ئیلحاد بە حساب بێت . بەم حالەشدا جیاوازی لە لایەن زۆر لە موریدان و پەیرەوانی خۆدی خومەینی جیددی بە حساب نەدەهات و گروپەکانی مللەکانی ئیسلامی ، قەتڵی مەنسوور و پاشماوەکانی تاقمی نەوابی سەفەوی و خەلیل تەهماسبی ، پشتیوانیان لە موجاهیدین کرد . لە بەر ئەوەی کە ئەوانیش روویان هێنا بووە خەباتی چەکدارانە بە دژی سەڵتەنەت واتە " حکومەتی کوفر " و جیاوازی ئەوتویان نەدەبینی لە نێوان تەمایولاتی خۆیان و موجاهیدین . بە تایبەت ئەوەی کە زۆر بوونی هێزی موجاهیدین و ورەی بەرزی موجاهیدین لە سەر ئەوان بە سەختی تەعسیری دانابوو . ئەو کاتەی کە دروشمی دەست و چەک لە گەڵ گەلای زەیتون و داس و سەندان و ئەستێرە لە سەر موجاهیدین ئەدروشا ، تەنیا جێگای چینی کرێکار خاڵی بوو . « موجاهیدین بە ڕا کردن لە چوتکی گرانی کرێکار و هەڵبژاردنی سەندان لە سەر دروشمی خۆیان ، بە شێوەیکی غەریزی وەفاداری خۆیان بە نیسبەت سەرمایە سەڵماندوون و چینی دەورانسازی کرێکاریان



تێگەیاند کە لە سیستەمی دڵخوازی موجاهید چینی کرێکار دەبێ وەک هەمیشە باری ئەسڵی کۆمەڵگا لە سەر شانی خۆی رابکێشی و وەک سەندانی ئاسنی زەخت و گوشاری چەوساندنەوەی بورژوازی تەحموڵ بکات . )) بەشێکی گەورە لە وردە بورژوازی ئێران لە گەڵ بەشێک لە توجاری بازار بە دژی سەڵتەنەت و لە دەور و بەری ئەم دروشمە کۆ بوونەوە و یەکیان گرت . لە رادیکاڵترین توێژەکانی هەژاری شار تا بەشێکی گەورە لە توێژەکانی مورەفەی کۆمەلایەتی پەیوەست بوونە ریزەکانی رێکخراوی موجاهیدین . زۆر لە هێزەکانی سونەتی مەزهەبی لە گەڵ رێبەرانیان وەک ئایەتوللا تالەقانی ، ئەردەبیلی ، رەفسنجانی ، زۆربەی گروپی مللەلی ئیسلامی و قەتلانی مەنسوور ، زۆر لە کاربەدەستانی ناسراوی ئێستای رژیمی کۆماری ئیسلامی ، وەک رەجایی ، ئەلویری ، غەرەزی ، نەبەوی و زۆری دیکەیان رێبەری موجاهیدینیان قبووڵ کردە بوو و ئەوانەی تر کە لە پشتیوانی موجاهیدینیان نەدەکرد ، بێ کردەوە مانەوە و نەیاندەتوانی کارێک بکەن . موجاهیدین لەم حاڵەدا هاوپەیمانیەک بوو لە نێوان پاشماوەکانی بەرەی میللی ، لە گەڵ هێزەکانی سونەتی وردە بورژوازی بە تەمایولاتی قووڵ و بنەرەتی دواکەوتووانە – مەزهەبی ، روشنبیرانی شۆرشگێری مەزهەبی ! بەلام بەم هەمووە هێز و دەسەلات لە رێبەرایەتی موجاهیدین لە ئیختیار تەمایولاتی رادیکاڵی وردە بورژوازی بوو کە لە تەواوەتی خۆیدا نوێنەرایەتی زۆربەی توێژەکانی هەژاری کۆمەڵگا و توێژێکی گەورە لە زەحمەتکێشانی بێ بەشی شاریی دەکرد زاڵبوونی مەزهەب لە سەر چالاکی فیکری موجاهیدین . ئاکامی پاشماوەکانی بیروبۆچوونەکانی رزیو و تەمایولاتی وەدی نەهاتووی وردە بورژوازی ئێران و تەمایوڵ بە هەستی گەران بەرەو ڕابردوو و دەورەکانی کۆن بوو کە بوونی مادی خۆی لە تایبەتمەندیەکانی دواکەوتووانەی رێژیمی سەڵتەنەتی وەردەگرت . هاڵەی پیرۆزی مەزهەب بۆ وردە بورژوازی ئێران ، بەیانی دژایەتیەک بوو کە ساڵەهای ساڵ لە نێوان جووتیاران و کۆمەلانی ستەم لێکراو بە دژی ئەربابانی دەرەبەگ ، حاکمانی ستەمکار و نوێنەرانی سەڵتەنەت دیواری دوژمنیی کێشا بوو . یەک هەزار و چوار سەد ساڵ سینە زەنی بۆ ئیمامانی مەزلومیان ، پەرە بە مەزلومیەتی جووتیاران لە بەرانبەر زوڵم و بێعەداڵەتی ئەربابانی دەرەبەگ دەدا ، هەروا کە تەکفیری موعاویە و یەزید پەرە بە بێزاری و تورەیی کۆمەلانی ستەم لێکراو بە دژی حاکمانی دەزگای سەڵتەنەت دەدا . ئیلتقاتی فیکری موجاهیدینیش هەر لێرەدا و لە تەقابولی دوو بیروبۆچوونی جیاوازی چینایەتی مانای پەیدا دەکرد . بەم شێوەیە کە بورژوازی بچووک و مام ناوەندی لە لایێکەوە رۆژ لە دوای رۆژ لە ژێر گوشاری سەرمایەکانی ئیمپریالیستی وەزعیەتی خراپیان پەیدا دەکرد و سەنعەتی میللی لە ناو دەژوو و جێگای خۆی بە سەنعەتی گەورە دەدا . ئەم وەزعە بووە هۆی دژایەتی ئەم بەشانەی بورژوازیی لە گەڵ دەرباری شا . بەلام لە بەر ئەوەی کە لە ژێر گوشاری سەرمایەدا هیچی لە دەست نەدەهات پەنای بردە مەزهەب و بە دوای رێگای نەجاتی خۆی لە رەستگاری مەزهەبی و ڕاکردن لە فەرهەنگی بورژوایی دەگرا .و لە لایێکی دیکەوە بەرابەری خوازی و عەداڵەت تەلەبی کە کۆمەلانی زەحمەتکێش و ستەم لێکراوی کۆمەڵگای بە دژی ئەربابانی زوڵم بە هەستانەوە و ڕاپەرین هاندەدا ، بوونی بە کردەوەی خۆی لە دروشمەکانی شۆرشگێرانەی موجاهیدین دەبینی . ئیلحادی هەژاران و وردە بورژوازی زەحمەتکێش بە مەزهەب وەلامی تایبەتی خۆی دەدایەوە . رەت کردنی ئوسوڵی سەرەتایی و دواکەوتووانەی قورئان و پەنا بردن بە تەفسیرەکانی شۆرشگێرانە لە ئەو ، دەرهێنانی شمشێر ، یاخی بوون و خوێن و شەهادەت خوازی لە ئەو ، بۆ هێزەکانی یاخی بووی وردە بورژوازی ، دەستکاری کردنی ئایەتەکانی قورئانی و شێوازی خوایی سەرەرای جەوهەری ئیلحادی ئەو رەوا زانرا و خەباتی چەکدارانە بە دژی حاکمان کە کردەوەیێکی کوفر ئامیز بە حساب دەهات لە پەروەردەکان و نەتیجەگیریەکانی نوێی قورئان سەواب بە حساب هات . تەریقەتی ئیسلامی بە شێوازی واعیزانی پێش لە مەشرووتە واتە شێخ ئەحمەدی ئیحسایی و ئەسڵی مەعاد کە لە گەڵ رۆحی یاخی بوونی خەڵکی دژایەتیی هەبوو ، بە شێوەیێکی نائاشکرا لە ناوەرۆک و دەستورەکانی دینی موجاهیدین لابرا : مەعاد لە سەر زەویە . زەوی دەبێ بکرێتە دۆزەخی زاڵمان و بەهەشتی بێ بەشان . بیروبۆچوونەکانی شۆرشگێرانەی مەزهەبی بە خێرایی لە ناو هێزەکانی بێ بەشی کۆمەڵگا پەرەی ساند و وەلامی موسبەتی خۆی وەرگرت . بەلام راستی ئەمە بوو کە بیروبۆچوونەکانی مەزهەبی موجاهیدین بە قورئان ئەوەندە نزیک بوو کە مەبناکانی ئابووری ئەوان بە سوسیالیزم !چاوخشاندنێک بە سەر بابەتی " ئابووری بە زمانی سادە " نووسراوەی یەکێک لە یەکەمین دامەزرێنەرانی

بە سوسیالیزم دەردەخات . مەوعزەکانی شۆڕشگێڕانەی موجاهیدین ، ئەنجام دانی سیاسەتەکانی قەهر ئامیز لە دژایەتی کردن لە گەڵ سەڵتەنەت و ئیمپریالیزم ، ڕۆحی سەرکێش و شۆڕشگێرانەی وردە بورژوازیی جەڵا دەدا و دوژمنی و نەفرەتی ئەوی بە دژی ئیمپریالیزم و سەڵتەنەت زیاد دەکرد . قورئان بە دڵخوازی ئەو دەست چین کرابوو : " فضل اللة مجاهدین علی القاعدین اجرأ عظیمی " قورئان خوێنە و شمشێر ، خەباتە بە دژی زوڵم و ستەم کاری . بەیانی دوو جەمسەر ، هێلەکانی مەوازی خۆی لە خەبات بە دژی حکومەتی یەزیدی و زوڵمی فرعەونی دەبینی . ڕێژیمی سەڵتەنەتی لە نێوان ئەم دوو گەرایشە هاوسەنگی و هاو قورسایی دروست دەکرد . ئۆلگوەکانی ڕابردوو وەک ڕاپەرینی مەزدەکیەکان ، سەربداران و ئەمەی ئاخیریان کوچەک خان و خیابانی گیانی دووبارەی دەگرت و مانا و مەفهومەکانی دواکەوتووانەی قورئانی بە ڕەنگ و لەعابی شۆڕشگێڕانە تیئوریزە دەکرا . نززسراوەکانی تاها حوسێن ، نووسەری میسری لە دەورانی ڕیفورمەکانی ناسر بە زمانی موجاهیدین تەرجومە دەکرا و لە گەڵ نووسراوەکانی تری نووسەرە دژی ئیستعماریەکان وەک فرانتس فانون نووسەری ڕەش پێستی مارتینیکی کە لە دوایی دا بە ئەلجەزایری ناسرا ، لە ناو تەشکیلاتی ئەوان دەست بە دەست دەگەرا . لە لایەنی نێونەتەوەئیشدا بزووتنەوەی موسلمانانی موری فیلیپین و پولیساریو پێوانەی یەکگرتنی نێونەتەوەیی بوو کە لە سەرەوەی ئەواندا نموونەی شۆڕشی ئەلجەزایر قەراری گرتبوو و پاتریس لومومبا ، بن بلا و جەمیلەی بوپاشایش وەک سومبولی ئەم شۆڕشگێری و قارەمانەتیە دەناسران .هەروا کە وتمان سیاسەتەکانی شۆڕشگێرانەی موجاهیدین لە مەودای ئەم ساڵانەدا زۆرتر لەوەی کە نوێنەرایەتی مەیل و حەزی ڕەوحانیەتی مەزهەبی بۆ گۆڕینی سیستەمی سەڵتەنەتی و دامەزراندنی حکومەتێکی مەزهەبی بکات ، نوێنەرایەتی هەست و ورەی یاخی بوونی وردە بورژوازی زەحمەتکێشی کۆمەڵگای دەکرد . موجاهید خۆی بە ئالاهەڵگری لە ناوبردنی جیاوازیەکانی چینایەتی و دامەزراندنی سیستەمی بێ چینی تەوحیدی دەزانی . بەڵام ئەم خەون و خەیالە زۆری نەخایاند ، بیروبۆچوونەکانی ئوتوپیک لە جەرگەی ڕاستیەکان و لە کورەی تاوێنەری پەیوەندیەکانی بورژوازی بە خێرایی تواێەوە . بورژوازی لە گەڵ گەشە کردنی خۆیدا هەموو ئەم گۆمانانەی دەخواردەوە و قورتیان دەدا . لە گەل زنجیرەیی بوونی بەرهەم هێنان " هەر کەس بۆ هەموو کاری دەکرد و هەموو کەس بۆ هەر کەس " . نە دروشمی " لە تو حەرەکەت لە خوا بەرەکەت " وەدی دەهات و نە بۆ " اللە " جێگایێک مایەوە کە مەدح و ستایشی بکەن . ئیلحادی مەزهەبی دەبوایە بگاتە ڕەت کردنی خاوەن مڵکایەتی تاکەکەسی و یان تایبەتی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەم هێنان .ئەمە تەنیا چینی کرێکار بوو کە دەتوانی و دەبوایە ئالاهەڵگری خەبات بە دژی سەرمایە بێت . دوو لایەنی لە سیاسەت و ئایدولوژی موجاهیدین تا ئەوە جێگایە دەوامی دەهێنا کە وردە بورژوازی ئێران بە توێژەکان و تەمایولاتی جۆراوجۆر دابەش نەکرا بوو .بە دابەشبوونی خێرای وردە بورژوازی ، ڕێکخراوی موجاهیدینیش تووشی جیابوونەوە بوو و جیابوونەوەی ساڵی 53ی ئەو ڕووی دا .

## غزل زمانه

نغمه در نغمه ی خون غلغله زد تندر شد
شد زمین رنگ دگر ، رنگ زمان دیگر شد
چشم هر اختر پوینده که در خون می گشت
برق خشمی زد و بر گرده ی شب خنجر شد
شب خودکامه که در بزم گزندش گل خون
زیر رگبار جنون جوش زد و پرپر شد
بوسه بر زخم پدر زد لب خونین پسر
آتش سینه ی گل داغ دل مادر شد
روی شبگیر گران ماشه ی خورشید چکید
کوهی از آتش و خون موج زد و سنگر شد
آن که چون غنچه ورق در ورق خون می بست
شعله زد در شفق خون شرف خاور شد
آن دلاور که قفس با گل خون می آراست
لبش آتش زنه آمد سخنش آذر شد
آتش سینه ی سوزان نو آراستگان
وه که آن دلبر دلبخاته ، آن فتنه ی سرخ
رهروان را ره شبگیر زد و رهبر شد
عاقبت آتش هنگامه به میدان افکند
آن همه خرمن خون شعله که خاکستر شد
شاخه ی عشق که در باغ زمستان می سوخت
آتش قهقه در گل زد و بار آور شد

فدایی شهید سعید سلطانپور

# به ڕێز بێت یادی شاعیری مەزن , فیدایی شەهید ,
# هاوڕێ سەعید سوڵتانپوور

27 ساڵ لەمەو بەر لە ڕێکەوتی 31ی جۆزەردانی ساڵی تاریکی و سەرمایە . سەعید سووڵتانپوور شاعیری شۆڕشگێر و 1360ی هەتاوی هاوڕێ فیدایی سەعید سوڵتانپوور درایە بەر مەزنیک کە لە پەیوەندی هونەر و بیرکردنەوەی شۆرشگێرانە دەستەی ئیعدام و دڵی پڕ لە هەست و عەشقی ئەو بە نیسبەت تێگەیشتبوو و زمانی ئەو موژدەی شۆڕشی سووری مەزن لە خەڵکی چەوساوە بووە ئامانجی گوڵلەکانی پارێزەرانی نەزانی و ڕەشترتن دەورانی خەفەخانی ئاریامەهری لە لایەن کۆمەڵانی خەڵک دەدا . ئەوەی کە سەعیدی لە هەموو شاعیرانی تر جیا دەکاتەوە نەک تایبەتمەندی گشتی هەموو شاعیران , واتە دەربرینی هەستەکانیان لە چوار چێوەی شیعر , بەڵکو پەیوەندی دەربرینی ئەم هەستە لەگەڵ خەبات و بەرخۆدان بوو , کە سەعیدی کردەبووە سەربازی سەنگەری سووری ڕێکخراوەکەی واتە ڕێکخراوی فیدایی . ناوەرۆکی ئەسڵی شیعرەکانی سەعید خوێن و دیسان خۆێنە , خەباتە و خوێنە و بەرخۆدان , ئیمانە و خۆراگری . شیعری سەعید تێکەڵاوێک لە سێ فاکتۆری هەرە گرێنگە , کار, خەباتی خەڵکی و فاکتۆری خوێناوی یاخی بوونی شۆڕشگێرانە .



فوق العاده خبری ۳

سال سوم- چهارشنبه سوم تیرماه ۱۳۶۰ — یادنامه فدایی خلق سعید سلطانپور — سازمان چریکهای فدائی خلق ایران

پتک است خون من، در دست کارگر
داس است خون من در دست برزگر

سرمقاله

کشتار بدون محاکمه انقلابیون اوج درماندگی حاکمیت

اعدام جنایتکارانه فدائی خلق سعید سلطانپور بدست دژخیمان رژیم جمهوری اسلامی

آموزگار، فرزند خانواده‌ای کارگری، درسال ۱۳۱۹ تولد یافت. او از رهگذر فقر و فرهنگ، با رنج مردمان آشنا شد. با پایان دوره دبیرستان، در تهران آموزگار شد. تدریس در محله‌های فقیرنشین تهران آتش مبارزه را در او شعله‌ورتر کرد و او را به میدان مبارزه‌ای گسترده‌تر فرا خواند.

بقیه در صفحه ۲

مرگم: سپیدهٔ دیگری است تا خونم پرچم سرخ کارگران باشد در انقلاب روشن فردا

رژیم جمهوری اسلامی از اجساد انقلابیون شهید هم وحشت دارد

در صفحه ۳

مصاحبه رئیس دادگاههای انقلاب اوج رسوائی رژیم جمهوری اسلامی را به نمایش گذارد

در صفحه ۳

مرگ بر حزب جمهوری اسلامی زنده باد شوراهای انقلابی پیش ب...

## یادی بە ڕێز و ڕێگای پڕ لە ڕێبوار


ناونیشانی سایتی ڕێکخراو ، پۆستی ئلکترۆنیک و کومیتەی کوردستان ، و ژمارە فاکسی پەیوەندیە گشتیەکانی ڕێکخراو بریتین لە :

www.fedayi.org
webmaster@fedayi.org
Kurdistan@fedayi.org
FAX:+46317792571


**بڕووخێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی, دامەزرێ کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**